DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.339

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی دەستەبژێری رۆشنبیریی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**م.ی. هێمن عارف فتاح**

زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی کار/ بەش/ کارگێری نەوت و گاز و وزە

hemn.fatah@charmouniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەریی دەستەبژێری رۆشنبیریی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی دەستەبژێری رۆشنبیریی بە گشتیی و دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتیی، هەروەها ئەیەوێت ئەو ئەرک و لێپرساوێتیە نیشتیمانی و نەتەوەییانەی ئەکەونە ئەستۆی ئەم دەستەبژێرەوە دیاری بکات، بۆیە ئامانج لە توێژینەوەکە دەستنیشانکردنیی رۆڵ و کاریگەریی و بایەخی ئەم دەستەبژێرەیە بۆ کۆمەڵگای کوردیی، هەروەها ئەیەوێت ئاستیی کاریگەریی و توانایان لەسەر درووستکردنی رای گشتیی دیاری بکات و، ئەو ئاستەنگیانەشی روونکردۆتەوە کە، رێگرن لەبەردەم دەستەبژێرەکە و کەمکردنەوەی کارایی و چالاکیان لەکۆمەڵگای کوردیی دا. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی شیکارییە ، توێژەر وەسفی ئەم دەستەبژێرە و کاریگەرییەکانیی ئەکات و ئاستی کاریگەرییەکەی روون و شیی ئەکاتەوە لە رێگەی وەرگرتنی را و بۆچوونی بەشێک لە رۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتیە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لەوێوە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە، دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لەئاستی پێویستدا بێت و، لە باردۆخە ناهەموار و قەیران و گرفتە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان دا، رای گشتیی درووست بکات و کاریگەریی خۆی بنوێنێت.

**کلییلە وشەکان: دەستەبژێر، دەستەبژێری رۆشنبیریی، رای گشتیی، هەرێمی کوردستان.**

Recieved: 22/8/2023
Accepted: 15/8/2023

## پێشەکیی:

دەستەبژێری رۆشنبیریی کەمینەیەکی گرنگی کۆمەڵگاکان پێك ئەهێنن، بە تایبەتی لە کاتی درووستبوونی گیروگرفت و قەیرانەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگاکەیان، کە لێرەدا زیاتر ئەم رۆڵ و کاریگەرییە بەرچاو ئەکەوێت، ئەویش بە دەربڕینی را و بۆچوون و پێشنیاری گونجاو بۆ دەربازبوون لە گیروگرفت و قەیرانەکان، هەروەها ئەم دەستەبژێرە هاوکاری کۆمەڵگاکەی ئەبێت لە هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەریەکە لەو بارودۆخانەی کە بەرەورووی ئەبێتەوە و، رای گشتیی درووست ئەکات لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان کە، ئاسەواری گەورەی ئەبێت.

دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان، لەدوای راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و لە درووستبوونی قەوارەی سیاسیی و یاسایی هەرێم، کاریگەریی خۆی نواندووە و بەشداریی کارای پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها کاریگەریی لەسەر بیر و بۆچوونی هاووڵاتیان و پارتە سیاسییەکان هەبووە و، لە کاتی درووستبوونی شەڕی ناوخۆ و ئەو گیروگرفتانەی کە درووستبوون لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، هەڵویستی تایبەتیان هەبووە و کاریگەریی زۆریان نواندووە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەژموونی پارتە سیاسییەکان و دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچەی حوکمڕانی جیاوازدا وای کردووە ئەم کاریگەرییەش گۆڕانی بەسەردا بێت و ئاراستەی بیرکردنەوە و کاریگەریی ئەم دەستەبژێرەش گۆڕانی بەسەردا بێت بە تایبەتی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی لە هەرێمی کوردستان.

لەم روانگەیەوە هەوڵدراوە لەم توێژینەوەیە دا، باس لە توانا و کاریگەرییەکانی دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە تایبەتی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی، لەبەرئەوەی لە ماوەی سی دوو ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری و کێشە و گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی زۆری بۆ درووستبووە و رووبەڕووی چەندین قەیرانی سیاسیی و ئابووریی.....هتد، بۆتەوە. هەر ئەمەش پاڵنەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەخۆ ئەگرێت.

### گرفتی توێژینەوەکە:

وەك پێشتر باسی لێوەکرا کاریگەریی دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەر کۆمەڵگایەک دا بەڕوونی دیار و بەرچاوە، بۆیە توێژینەوەکە لە پاڵ پرسیاری سەرەکی دا، ئەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێکی لاوەکیش بداتەوە، کە بریتین لە: ئایا دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان توانیوێتی کاریگەریی ئەرێنی خۆی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان دەربخات و هەروەها رای گشتیی درووست بکات؟ هەروەها ئەکرێت قۆناغبەندی بۆ رۆڵ و کاریگەریی ئەم دەستەبژێرە بکرێت، لەسەر درووستکردنی رای گشتیی؟ هەروەها توانیوێتی کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و بڕیاریی سیاسیی درووست بکات لە هەرێمی کوردستان؟

### گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ناسینی دەستەبژێری رۆشنبیریی و پێکهێنەرەکانی ئەم دەستەبژێرە رۆڵ و کاریگەرییان، هەروەها ناسینی دەستەبژێری رۆشنبیریی کوردیی و ئەو رۆڵ و کاریگەرییانەیان کە

لــە پەروەردەکــردن و ئاراســتەکردن و گەشــەکردنی کۆمەڵــگای کوردیــی دا هەیــان بــووە، هەروەهــا هەوڵــی دیاریکردنــی ئــەو ئاســتەنگییانەش ئەدرێــت کــە بەرەوروویــان ئەبێتــەوە، ئەمــەش لەپێنــاو سوودبەخشــین بــە خوێنــەران و توێژەرانــی ئــەم بــوارە.

ئامانــج لــەم توێژینەوەیــە ئاشــکراکردنی هەندێــک راســتییە ســەبارەت بــە کاریگەریــی دەســتەبژێری رۆشــنبیریی، لەوانەش:

دەستنیشان کردنی پێکهێنەرەکانی دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان دا.

کاریگەریــی دەســتەبژێری رۆشــنبیریی لەســەر رای گشــتیی لــە هەرێمــی کوردســتان و ئــەو ئاســتەنگییانەی کــە بەرەوروویــان ئەبنــەوە.

## ئاستەنگ و گریمانەی توێژینەوەکە:

بــۆ ئــەوەی وەڵامــی درووســت بــۆ پرســیارەکانی توێژینەوەکــە بەدەســت بێــت و، هەروەهــا بــۆ راڤەکــردن و شــیکردنەوەی چەمکەکانــی توێژینەوەکــە، ســوود لــە میتــۆدی مێژوویــی و وەســفیی و شــیکاریی وەرگیــراوە.

بــۆ وەڵامدانــەوەی پرســیارەکانی توێژینەوەکــە، گریمانــەی ئــەوە ئەکرێــت کــە، دەســتەبژێری رۆشــنبیریی لــە هەرێمــی کوردســتان نەیتوانیــوە بــە رۆڵ و کاریگەریــی خــۆی هەڵبســێت و لــە کاتــی رووداو و پرســە چارەنووســازەکان دا جــێ دەســتی خــۆی دیــاری بــکات، هەروەهــا گریمانــەی ئــەوەش ئەکرێــت کــە ئاســتەنگیی زۆر هەیــە بــۆ رێگریکــردن لــەم کاریگەرییــە.

بابەتــی دەســتەبژێر لــە هەرێمــی کوردســتان بابەتێکــی نوێیــە، کتێــب و توێژینــەوەی ئەوتــۆ لەمبارەیــەوە زۆر کەمــە، بــە تایبەتیــی بــە زمانــی کوردیــی، هەروەهــا ئامادەنەبوونــی زۆرێــك لــەو رۆشــنبیرانەی کــە توێــژەر ویســتوویەتی بیــر و بۆچوونیــان وەربگرێــت لەبــارەی پرســەکەوە، ئامادەنەبــوون قســە بکــەن.

## پەیکەری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و کۆتایی، بابەتەکانی بەم شێوەیە دابەشکراوە:

لــە بەشــی یەکەمــدا، بــاس لــە لایەنــی تیــۆری هــەردوو بابەتــی دەســتەبژێر و دەســتەبژێری رۆشــنبیریی و بابەتــی رای گشــتیی ئەکرێــت، هەروەهــا لــە بەشــی دووەمــدا توێــژەر ئەیەوێــت کاریگەریــی دەســتەبژێری رۆشــنبیریی و هەروەهــا کاریگەریــی لەســەر درووســتکردنی رای گشــتیی لــە هەرێمــی کوردســتان، بخاتــەڕوو.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریانە:

وەك دەســتپێکی هەمــوو توێژینەوەیەکــی زانســتی، پێویســتە بــە چوارچێــوەی تیــۆری دەســت پــێ بکرێــت و تیایــدا چەمکــە ســەرەکیەکان بناســێنرێن و رەگــەز و تایبەتمەنــدی بابەتــی ســەرەکی تیایــدا روون بکرێتــەوە و شــی بکرێتــەوە، لەبەرئــەوەی ئەمــە ئەبێتــە بنەمــا و چوارچێــوەی ســەرەکی توێژینەوەکــە و توێــژەر بەرچــاو روون ئــەکات لــە ئاراســتەکردن و دارشــتنی توێژینەوەکــە دا، بۆیــە توێــژەر لــەم باســەدا لایەنــی تیــۆری چەمکەکانــی (دەســتەبژێر و دەســتەبژێری رۆشــنبیریی و رای گشــتیی) ئەخاتــەڕوو .

## تەوەری یەکەم: ناساندنی دەستەبژێری رۆشنبیریی:

دەستەبژێر وەکوو دەستە و گرووپێك، لە هەموو کۆمەڵگاکان دا جێی بایەخ و گرنگی پێدانە و ئەم گرنگی و بایەخپێدانەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها پێویستە بوترێت دەستەبژێر کێن و ئەوانەی دەچنە قاڵب و چوارچێوەی دەستەبژێرەوە و، چی تایبەتمەندییەکیان هەبێت؟ بۆیە لێرەدا و لەم تەوەرە دا روونکردنەوەی زیاتر ئەخرێتەڕوو.

### یەکەم: دەستەبژێر:

دەستەبژێر بریتییە لە گرووپێک یان چینێک، کەمینەیەکی خەڵک کە پێگەیەکی سیاسیی، رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی دیار داگیر ئەکەن، هەروەها دەربڕینێکە بۆ گرووپێک بەکارئەهێنرێت کە لە بوارێکی دیاریکراو دا، سەرکەوتوو بوون یان ناوبانگیان بەدەستهێناوە، ئەم دەستەیە گەورەترین لێهاتوویییەکان لە بواری پسپۆڕیی خۆیان دا کۆئەکەنەوە و، لەوانەیە دەستەبژێری فەرمانڕەوا یان ژێرفەرمانبن) د. عبدالوهاب، ١٩٩٥، ص٥٦٠).

لایەنگرانی تیۆری دەستەبژێر، دەڵێن بەڵگەی مێژوویی و واقیعیی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و، بە ڕەچاوکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە تیایاندا باو بووە، ئاستیی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان و سروشتی ئەو سیستمە حوکمڕانییەی کە پێی ناسراوە، تایبەتمەندە بە بوونی زۆرینەی فەرمانڕەواو و کەمینەیەکی ژێرفەرمان، جا دەسەڵات سۆسیالیستی، دیموکراسیی، دیکتاتۆریی بێت، چ پێشکەوتوو یان دواکەوتوو، دەستەبژێرێك هەیە کە گرنگترین پێگەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا قۆرخ ئەکات و زۆرینە هەیە کە خەڵکی گشتیین(إبراهیم، ١٩٩٨، ص١١٣).

لێرەدا و بۆ زیاتر ناساندنی چەمکی دەستەبژێر و پێناسەکردنی پێویستە بوترێت کە، دەستەبژێر بریتیە لە« گرووپێکی بچووک و جیاواز لە کۆمەڵگا دا کە بە هەنگاوەکانی پلیکانەی کۆنترۆڵ و فەرمانڕەوایی دا سەرکەوتوون، هەروەها توانا و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی درووست بکەن، هەروەها چینێکی مرۆڤن کە بەرزترین توانا و لێهاتوویی پەیوەندیداریان هەیە، هەروەها کەمینەیەکی چوست و چالاکن»( أمینة، ٢٠١٧، ص ١٧٣-١٧٤). کەواتە ئەم کەمینە بەتوانا و لێهاتوویی بەرز ئەناسرێنەوە و گرووپێکی خاوەنی چالاکی بەردەوامن. هەروەها بۆ زیاتر ناساندنی ئەم چەمکە، ئاماژە بە پێناسەیەکی تری دەستەبژێر ئەکرێت، کە بریتیە لە «کۆمەڵێک تاک کە پێگەیی کاریگەر لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دا داگیر ئەکەن وەك دەستەبژێری سیاسیی، دەستەبژێری رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی ......هتد»(مولود، ٢٠٠٧، ص١٨٩)، بەوپێیە بێت، پێناسەی یەکەم لەوەی دووەم باشتر و گونجاوترە، چونکە دەستەبژێر کەمینەیەکن، توانای کۆنترۆڵکردنی زۆرینە و دەوروبەریان هەیە، لێرەشەوە ئەوە دەرئەکەوێت کە، ئەم کەمینەیە خاوەنی لێهاتوویی و کارامەیی جیاوازن و بۆیەشە ئەتوانن زۆرینەی کۆمەڵگا بەرێوەبەرن، لەم سۆنگەیەوە ئەکرێت بوترێت کە، دەستەبژێر، کەمینەیەکی دیار و خاوەن بەهرەی هەموو کۆمەڵگایەکن کە، جیاواز لە تاکەکانی تری کۆمەڵگا بیرئەکەونەوە و، هەڵوێست وەرئەگرن لەسەر پرسە گرنگەکان.

## دووەم: دەستەبژێری رۆشنبیریی:

مشتومڕێکی زۆر لەسەر چەمکی رۆشنبیریی هەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانەکانی و لێکدانەوە جیاوازەکانی، بە تایبەتی کە لەگەڵ چەمکەکانی تری وەکوو بیرمەند و تیۆریست دا هاوشێوەن، بۆیە توێژەران لە نێوان خۆیان دا جیاوازییان هەیە سەبارەت بە پێناسەی رۆشنبیر؛ وشەی رۆشنبیر مانای زۆرە و هاو واتای وشەی (intellectual) ئینگلیزی و (intellectuel)ی زمانی فەرەنسییە، بۆیە پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لەوانە «رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی وای لێ ئەکات بتوانێت دەستی بگات بەو دەستکەوتانەی کە بەهایەکی گەورەی کلتوورییان هەیە»( فاروق، ۲۰۲۰، ص۲۱).

مۆسکا پێی وایە «رۆشنبیران کرۆکی دەستەبژێرێکی نوێ و گرنگ پێک ئەهێنن، بەتایبەتی کە خاوەن بڕوانامەی زانستی و پاشخانی پەروەردەیین، ئەمەش وا ئەکات کە، بابەتیانە چاکەی گشتی لێك بدەنەوە»( أمینة، ۲۰۱۷، ص۱۷۷)، بۆیە پێی وایە دەستەبژێری رۆشنبیریی لەپێشینەن و لە هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگا پێویستترن.

کەواتە، رۆشنبیران رۆڵی راستەوخۆیان نییە، بەڵکو لە رێگەی هەژمونی کۆمەڵایەتیی و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و کاریگەرییەکیانەوە کە کۆمەڵگاکانی پێ جیائەکرێتەوە دەرئەکەون، بۆیە کەسانێکی تر هەن کە لە پێناسەی خۆیان بۆ رۆشنبیر لە کاروباری رۆشنبیریی تێ ئەپەڕن و بوارەکانیان فراوانتر ئەبێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هەموو رۆشنبیرێك دیدێکی دیاریکراوی هەیە بۆ جیهان و، هێڵێکی رەفتاری ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و ئاستێکی دیاری کراوی مەعریفە و بەرهەم هێنانی فیکری خۆی هەیە(حیدر و دورین، ۲۰۱۵، ص۹۵). کەواتە ئەکرێت بوترێت وەك چۆن (ئەنتۆنیۆ گرامشی) ئەڵێت، «رۆشنبیران دوو جۆرن، یەکەم: رۆشنبیرە کلاسیکەکان وەکوو مامۆستا و فەرمانبەرەکان، دووەم: ئەوانەن کە بە رۆشنبیرانی هەماهەنگکەر ناو ئەبرێن کە، راستەوخۆ پەیوەندییان بەو چین و توێژانە یان پرۆژانەوە هەیە کە رۆشنبیران بەکاری ئەهێنن بۆ رێکخستنی بەرژەوەندییەکانیان و، بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی زیاتر و کۆنترۆڵی زیاتر»( فاروق، ۲۰۲۰، ص۲۱).

کەواتە پێویستە بوترێت کە دەستەبژێری رۆشنبیریی لە رێگەی تواناو لێهاتوویە زانستیەکانیانەوە زۆرینە ئاڕاستەدەکەن ئەکەن و بەرچاوڕوونیان پێ ئەدەن، لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێك دا.

## تەوەری دووەم: چەمکی رای گشتیی:

رای گشتیی بەدژھ کردەوەی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو رووداوانە ئەگوترێت کە، بۆ کۆمەڵگا گرنگ و جێ سەرنجن یان لانیکەم بۆ بەشێکی کۆمەڵگا گرنگە، هەروەها رای گشتیی پەیوەندی بەو پێوەرانەوە هەیە کە رووداو یان راستیەکانی پێ هەڵئەسەنگێندرێت و هەروەها پەیوەندی بەشێوازێك هەیە کە راستییەکان بەپێی ئەوان ئاڕاستە و شیکراونەتەوە( زاهیر و یاسین، ۲۰۰٦، لا۳۰۷) واتە زۆرینەی ئەو بابەتانەی رای گشتیی ئەوروژێنن، گرنگ و چارەنوسسازن.

لێرەدا جێگایی خۆیەتی کە، پێناسەیەکی سادە بۆ رای گشتیی بکرێت کە، بریتیە لە بۆچوونی کۆمەڵێك لەسەر بابەتێکی گشتیی، هەروەها باشترین پێناسەیەك کە ئاماژەی پێ بکرێت ئەو پێناسەیەیە

کـە بیرمەنـدی سیاسـیی(کی V.O.Key) کردوویەتـی و پێـی وایـە کـە، رای گشـتیی «بۆچوونـە باوەکانـی خەڵکـە و حکومـەت بـە ژیرانـەی ئەزانێـت کـە گوێـی لـێ بگرێـت و گرنگـی پـێ بـدات»، هەروەهـا رای گشـتیی بریتیـە لـە« ئـەو کۆمەڵـە بۆچوونـەی کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک لەسـەر بابەتێـک هەیانـە و، بەرژەوەنـدی گشـتی ئەوروژێنێـت» (د.نظـام و الاخـرون، ، ٢٠٠٨، ص٢٥٧). کەواتـە رای زۆرینـە یـان بەشـێکی دیـاری کـراوی کۆمەڵگەیـە لەسـەر بابەتێکـی دیـاری کـراو کـە، بەرژەوەنـدی گشـتیی یـا تایبەتـی پێکـەوەی بەسـتوون.

کەواتـە بـە کورتـی چەمکـی رای گشـتیی ئاماژەیـە «بـۆ رای خەڵـك، بنەمـای ئـەم چەمکـەش ئەوەیـە، کـە خەڵـك لـە هـەر کۆمەڵگەیـەك دا، سـەبارەت بـەو کێشـانەی کـە کاریگەریـی لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی هەیـە، بیـروڕای خـۆی هەیـە و هەڵوێسـت لـە بەرامبەریـان وەرئەگرێـت، چونکـە ئـەم کێشـانە دواتـر رەنگدانـەوەی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان لەسـەر ژیانـی تایبەتـی و بەرژەوەندییەکانیـان ئەبێـت، مەرجیـش نیـە هەمـوو ئـەو رایانـە تەبابـن بەهـۆی بەرژەوەنـدی جیـاواز و ئاسـت و توانـای کەسـەکانەوە، جـا هـەر رایـەك توانـی سـەرنجی زۆرتریـن خەڵـك بـەلای خـۆی دا رابکێشـێت ئـەوە ئەبێتـە رای گشـتیی» (د.عابـد، ٢٠١٢، ل٢٣٨)، کەواتـە ئەکرێـت بوترێـت کـە، رای گشـتیی بەرژەوەندنـی کەمینـەی خەڵـك بـن سـەبارەت بـە بابەتێـك کـە تەنهـا پەیوەسـتە بـەوان و ئامانجێکـی هاوبـەش پێکیانـەوە ئەبەسـتێت.

لـە دوای پێناسـەکردنی، لێـرەدا بـە پێویسـت ئەزانرێـت بـۆ زیاتـر ناسـاندیی چەمکـی رای گشـتیی ئامـاژە بـە جۆرەکانـی بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەندیـن رێگـە هـەن بـۆ پۆلێنکردنـی، بۆیـە هـەوڵ ئەدرێـت ئامـاژە بـە گرنگترینیـان بکرێـت، کـە بریتیـن لـە:

جۆرەکانـی رای گشـتیی کـە، لەسـەر بنەمـای چۆنێتـی و سروشـتی خـودی پۆلێـن ئەکرێـن، کـە بریتیـن لە(د.نظـام و الاخـرون، ، ٢٠٠٨، ص٢٥٧):

رای گشتیی باڵادەست، کە بۆچوونی سەرکردایەتیی و سەرکردە و حکومەتەکانە.

رای گشتیی ملکەچ، کە بۆچوونی زۆرینەی خەڵکە.

رای گشتیی تێگەیشتوو، ئەم جۆرەیان پشتبەستە بە عەقڵ و ئاوەز، واتە رای گشتیی لای چینی رۆشنبیرانە.

رای گشتیی لە رووی مەودای (کات)ەوە(د.میثم، ٢٠١٦، ص١٥٢):

رای گشـتیی هەمیشـەیی و بـەردەوام: ئـەم بۆچوونـە لەسـەر بنەمـای بیروبـاوەڕی ئایینـی جێگیـرە، کـە بابەتـی دیالـۆگ نیـن، هەروەهـا لەسـەر بنەمایەکـی کولتووریـی و کۆمەڵایەتیـی و بەهـا ناسراوەکانـی نێـوان ئەندامانـی گرووپەکـە دا دامـەزراوە، بۆیـە بـە جێگیریـی و بەردەوامـی ئەناسرێتـەوە.

رای گشـتیی کاتیـی (د.میثـم، ٢٠١٦، ص١٥٢): ئـەو جـۆرە رایـە ئەگرێتـەوە کـە، پارتـە سیاسـییە دیموکراسـییەکان، بـە شـێوەیەکی کاتـی کاری لەسـەر ئەکـەن بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێکـی دیـاری کـراو.

رای گشتیی ڕۆژانە: ئەم رایە پەیوەندی بە بابەتە ئێستایی و رۆژانەوە هەیە.

رای گشتیی بەپێی شوێن: ئەمەیان پشت ئەبەستێت بە شوێنی جوگرافی(د.منی، ٢٠٢١، ص٢٩-٣٠):

رای گشـتیی ناوخۆیـی یـان نیشـتمانیی، کـە بۆچوونـی گرووپـی ناوخۆییـە، دەربـارەی بابەتێکـی تایبـەت بـە ناوچـە، شـارێك یـان دەوڵەتێـك.

رای گشـتیی ناوچەیـی یـان کیشـوەریی: ئەمەیـان تایبەتـە بـە چەنـد ناوچەیەکـی لێکنزیـك و دراوسـێ،

وەکـوو رای گشـتیی وڵاتانـی کەنـداو، یـان وڵاتانـی ئەفریقیـی.

رای گشـتیی جیهانـی: رای گشـتیی هەمـوو تاکەکانـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی تایبـەت بـە کێشـە و بابەتـە جیهانیـەکان، وەکـوو رای گشـتیی لەسـەر بابەتـی رەگەزپەرسـتی.

لێـرەوە دەرئەکەوێـت کـە رای گشـتیی فـۆرم و جـۆری زۆر لـە خۆئەگرێـت، ئەویـش بـە هـۆی خواسـت و جیـاوازی بیرکردنـەوەی بەشـە جیـاوازەکان و پێـك هێنەرەکانـی کۆمەڵـگا کـە بەرژهوەنـدی و خواسـتی جیاوازیـان هەیـە، بۆیـە جێـگای خۆیەتـی کـە، ئـەو هۆکارانـە دیـاری بکرێـن کـە ئەبنـە هـۆی دروسـتبوونی رای گشـتیی، کـە بریتیـن لـە:

گەشەکردنی کەناڵ و هۆکارەکانی راگەیاندن و تواناکانیان لە ئاڕاستەکردنی بۆچوونی هاووڵاتیان.

فراوانبوونـی دیموکراسـیی لـە جیهـان دا و، زیادبوونـی ڕێـژەی خەمخـۆری لـە بابەتـە گشـتیەکان دا(د.خـضر، ٢٠٠٨، ص٢٩٩).

داب و نەریـت وائـەکات میللەتـان لـە یەکـتری جیـا بکاتـەوە، ئەمـەش بەشـێوەیەکی بۆماوەیـی ئەمێنێتـەوە، ئـەو جیاوازییـە دروست ئـەکات کـە لەگـەڵ گۆڕانکاریـی، یـان دژیـان بـن.

کاریگەریـی سـەرکردە لەسـەر جەماوەرەکـەی، کـە ئاڕاسـتەی فکرییـان ئـەکات و توانـای ئەوەیـان هەیـە کـە میللـەت سـاز و ئامـادە بـکات، بـۆ ئـەو بابەتانـەی کـە سـەرکردەکان بـۆی ئەژیـن.

رووداو، جەنـگ، شۆڕشـەکان و قەیرانـە ئابوورییـەکان بەهەمـان شـێوە کاریگەریـی گەورەیـان لەسـەر دروسـتبوونی رای گشـتیی هەیـە و دژە کـردار لای هاووڵاتیـان درووسـت ئەکات(محمـد و مهـدي،٢٠١٢،ص٦-٧).

لێرەوە دەرئەکەوێـت کـە، رای گشـتیی بریتیـە لـە را و بۆچوونـی هاووڵاتیانـی ناوچەیـەك، شـارێك، دەوڵەتێکـی دیاریکـراو لەسـەر بابەتێکـی دیاریکـراو، کـە بەرژهوەنـدی پێکـەوەی بەسـتوون و، ئەمـەش بەشـێوازی جۆراوجـۆر دەرئەکەوێـت و ئەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی کۆمەڵێـك فاکتـەری جـۆرا و جـۆرەوە.

بەشی دووەم: کاریگەریی دەستەبژێری رۆشنبیریی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی:

لـەم بەشـەدا قسـە لەسـەر دەسـتەبژێری رۆشـنبیریی و درووسـتکردنی رای گشـتیی ئەکرێـت و رایەڵەکانـی نێـوان ئـەم دوو گـۆڕاوە ئەخرێتـەڕوو، لەگـەڵ ئـەو هۆکارانـەی کـە، کاریگەریـی ئـەم دەسـتەبژێرە زیـاد و کـەم ئەکـەن، هەروەهـا توێژینـەوە لـەو ژینگەیـە ئەکرێـت کـە، لەبـارە بـۆ خسـتنەڕووی توانـا و لێهاتووییـان، بۆیـە لێـرەدا و لـەم دوو تـەوەرە دا توێژینـەوە لـەم بابەتـە ئەکرێـت.

## تەوەری یەکەم: دەستەبژێری رۆشنبیریی و درووستکردنی رای گشتیی:

دەسـتەبژێری رۆشـنبیریی لـە هەمـوو کۆمەڵگایەکـی زینـدوو دا رۆڵ و کاریگەریـی خـۆی نوانـدووە بـە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتـی، ئەویـش «لـە رێگـەی دیبەیـت و نووسـین و وتـار و کـۆڕو کۆبوونەوەکانـەوە، ئـەم رۆڵـەش لـە رێگـەی کارتێکردنـی راسـتەوخۆ بـووە لەسـەر دەسـەڵات و یاخـود لـە رێگـەی درووسـتکردنی رای گشـتییەوە بـووە کـە، رای گشـتیی وروژانـدووە لەسـەر بابەتێکـی پەیوەسـت و گرنـگ بـە کۆمەڵـگا و دەوڵەتـەوە، بـە تایبەتـی لـە کاتـی درووسـتبوونی قەیرانـەکان دا»( د.فـاروق رەفیـق، چاوپێکەوتـن، سـلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٢٥). هەروەهـا بەهـۆی ئـەو توانـا و لێهاتووییانـەی کـە ئـەم دەسـتەبژێرە هەیانـە ئەتوانـن

«کاریگەریـی لـە دەروونـی تاکەکانـی کۆمەڵـگا بکـەن و لـە هەمـوو بارودۆخێـك دا، رای گشـتیی لەمـەڕ پرسـەکان بجوڵێنـن و سـەرکردایەتی نارەزایـی و خۆپیشـاندانەکان بکـەن، هەروەهـا لـە مێـژوودا رۆشـنبیران توانیویانـە شـۆڕش و راپەڕیـن درووسـت بکـەن، لەوانـە شۆڕشـی فەرەنسـی، کـە رۆشـنبیرانی وەکـوو جـان جـاك رۆسـۆ سەرمەشـق و نموونـەی ئـەو رۆشـنبیرانەن کـە توانیـان خەڵکـی وریـا بکەنـەوە لـەو نـادادی و دۆخـە خراپـەی کـە فەرەنسـای گرتبووەوە»(د.رەشـید، چاوپێکەوتن/ئیمەیـل، ٢٠٢٣/٥/٦). هەروەهـا بەهـۆی ئـەو «بارودۆخـەی لـە شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوودا کـە جیـاوازی رەگـەزی و جیـاوازی نێـوان (رەش پێسـت و سـپی پێسـت)، لـە ئەمریـکا هەبـوو، مارتـن لۆسـەر کینـگ کاریگەرییەکـی بـێ وێنـەی هەبـوو لەسـەر پرسـی رەوینـەوەی جیـاکاری نێـوان رەش پێسـت و سـپی پێسـتەکان، بۆیـە خەڵکـی هـان ئـەدا بـۆ ئـەوەی کـە چیـتر نابێـت رەش پێسـتەکان لەسـەر بنەمـای رەنـگ و پێسـت بچەوسـێنرێنەوە و لـە زۆر مافـی مەدەنـی و سیاسـیی بێبـەش بکرێـن»( د.پشـتیوان فـەرەج محمـد، چاوپێکەوتـن، چەمچەمـاڵ، ٢٠٢٣/٥/٢١).

بۆیـە ئەکرێـت بڵێیـن دەسـتەبژێری رۆشـنبیریی «لـە ئەوروپـا شارسـتانیەت و کلتورێکیـان درووسـتکرد کـە تیایـدا تـاك بتوانـێ ئازادانـە بیربکاتـەوە و قسـە بـکات و بەشـداربێت لـە پرسـە گرنگـەکان دا، بۆیـە ئەتوانیـن بڵێین لـە رێگـەی ئـەم دەسـەبژێرەوە بارودۆخـەکان ئەخوێندرێنـەوە، هـەر قەیرانێکـی فیکریـی، سیاسـیی، ئابووریـی، کلتوریـی یـان مرۆیـی هەبێـت قسـە و را و بۆچوونیـان هەیـە و، لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـییەوە گوێیـان لـێ ئەگیرێـت و را و بۆچوونیـان بەهەنـد وەرئەگیرێـت، ئەمـەش بـووە بـە هـۆی درووسـتبوونی کلتورێـك و هەمـووان پێکـەوە پابەنـدن پێـوەی»( د.فـاروق رەفیـق، چاوپێکەوتـن). کەواتـە ئـەم دەسـتەبژێرە، خاوەنـی هەڵوێسـتن بەرامبـەر ئـەو رووداوانـەی کـە بـەرەوڕووی کۆمەڵـگا ئەبنـەوە و پاڵپشـتی تاکەکانـی کۆمەڵـگا ئەبـن، هـاوکات خوێندنـەوە بـۆ رووداو و پێشـهاتەکان ئەکـەن و دەرەنجامەکانیشـی هەڵدەسـەنگێنن.

هەروەهـا پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بکرێـت کـە، بارودۆخـی وڵاتانـی جیهـان وەکـوو یـەك نیـن و جیـاوازن و سـەردەمەکانیش جیـاوازن، بـۆ نموونـە «وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەمریـکا بـە تایبەتـی ئەمریـکای باکـوور، لـە رووی شارسـتانیەوە زۆر لـە پێـش وڵاتانـی جیهانـەوەن سـەبارەت بـە چەسـپاندنی بنەماکانـی دیموکراسـیی و مافـی مـرۆڤ و هاووڵاتیبـوون، کـە ئەمانـە دەرفەتـی زیاتریـان بـۆ ئـەم دەسـتەبژێرە رەخسـاندووە بـۆ ئـەوەی کاریگەریـی زیاتـر دەربخـەن و دەنگـی خۆیـان بگەیەنـن بـە دەسـەڵات»( د.رێبـوار سـیوەیلی، چاوپێکەوتـن، سـلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٤). هەروەهـا «بوونـی میدیـای ئـازادو کەناڵـە سـەربەخۆکان و رۆژنامـە و گۆڤـارەکان و رادیـۆکان و سۆشـیاڵ میدیـا لـە وڵاتانـی ئەوروپـا رۆڵـی سـەرەکیان هەیـە، لـەم پرسـە دا و هاوکارێکـی باشـی ئـەم دەسـتەبژێرەن بـۆ ئـەوەی رای گشـتیی درووسـت بکـەن و بەشـداری پرسـە گرنگـەکان بکـەن»( د. پشـتیوان فـەرەج محمـد، چاوپێکەوتـن)، کەواتـە هەلومەرجـی سیاسـیی و واقیعیـی کۆمەڵایەتیـی کاریگەریـی گـەورەی لەسـەر ئـەم پرسـە هەیـە و ناکرێـت ئـەم بابەتـە بەهەنـد وەرنەگیرێـت و بـاس نەکرێـت.

بۆیـە تایبـەت بـە «باردۆخـی وڵاتانـی دیکتاتۆریـی و ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت جیـاوازن، لـەم وڵاتانـە دا رێگـە نـادرێ ئازادانـە رۆشـنبیران و خـاوەن پسـپۆرییەکان رای خۆیـان دەرببـڕن و کاریگەریـی درووسـت بکـەن، بەڵکـو لـە رێگـەی دەزگا ئەمنـی و پۆلیسـیەکانەوە بێدەنـگ ئەکرێـن و پەراوێـز ئەخرێـن و، تۆمەتـی دژایەتیکردنـی دەوڵەتیـان بـۆ درووسـت ئەکرێـت و تاوانبـار ئەکرێـن و بـە مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی

نەتەوەیی لە قەڵەم ئەدرێن»( د.فاروق رەفیق، چاوپێکەوتن)، ئەمەش وا ئەکات ئەم دەستەبژێرە نەتوانن رۆڵ و کاریگەریی بنوێنن و بەشداری کارا و سەرەکییان هەبێت لە پرسەکان دا. هەروەها لەبەرئەوەی «لەسیستەمە دیکتاتۆریی و داخراوەکان دا کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامە و گۆڤارەکان سەر بەدەسەڵاتن، یان لە ژێر چاودێری توندی دەسەڵاتن، رێگە و دەرفەت نادەن بەم دەستەبژێرە را و بۆچوونەکانیان پەخش بکرێت لە کەناڵە تەلەفیزۆنیەکان دا و هیچ دەرفەتێکی چاوپێکەوتن و قسەکردنێکان پێنادرێت»(د. پشتیوان فەرەج محمد، چاوپێکەوتن)، بۆیە ناتوانن بەریەککەوتنیان لەگەڵ خەڵك دا هەبێت و، رێگریش ئەکەن لە هەموو گردبوونەوەیەکی خەڵکی، بۆیە ئەم دەستەبژێرە نەیتوانیوە رۆڵی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی دەربکەوێت.

لەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا دەرئەکەوێت کە، دەستەبژێری رۆشنبیریی لە وڵاتە پێشکەوتوو و کراوە و سیستەمە دیموکراسیەکان دا زیاتر ئەتوانن بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن و رۆڵ و کاریگەرییان دەربخەن، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکتاتۆریی، ئەمەش بە هۆی بارودخ و کەرەستە پێویستەکانی پەیوەست بەم پرسە.

## تەوەری دووەم: کاریگەریی دەستەبژێری رۆشنبیریی لەسەر درووستکردنی رای گشتیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق:

راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیی و یاساییانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان دا هات، بووە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ گەلی کورد لە مێژوودا، «درووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی کوردییش وەکوو هەموو گەلانی تری دنیا خۆی فەرمانڕەوایەتی خۆی بکات و، درووستبوونی ئەم قەوارەیە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ و کشانەوەی دام و دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی بەعس وای کرد کە، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەمەش پێویستیان بە کادری لێهاتوو و پسپۆڕ هەبوو لە هەموو بوارەکان دا، بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییەی کە درووستبوو بوو بە تایبەتی دەستەبژێری رۆشنبیریی، لەلایەك بۆ پرس و راوێژ، لە لایەکی تر بۆ سوود وەرگرتن لەپسپۆڕییەکانیان»(د. رێبوار سیوەیلی، چاوپێکەوتن).

بۆیە «بەرەی کوردستانی و حیزبە بەشداربووەکانی بەرە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییە و پاشان پێکهێنانی حکومەت و پڕکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان، کە پاش هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ پێکهات، بەشێکیان وەکوو وەزیر و بەشێکیان وەکوو ئەندام پەرلەمان و تا ئاستی پۆستە کارگێڕییەکانی خوارەوە زۆرێك لەو دەستەبژێرە جێگایان کرایەوە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە هەم سوود لە تواناکانیان وەربگرن و مەبەستێکی تریش ئەوەبوو کە ترسی ئەوەیان هەبوو کە بەرهەکە لەژێر پێی دەسەڵاتدارەکانی بەرەی کوردستانی دەربکەن»( د.محمد پێنجوێنی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٤). ئەمەش بەو مانایەی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان درکیان بە گرنگی و توانا و کارایی ئەم دەستەبژێرە کردبوو، بۆیە نەئەکرا لەو قۆناغە دا پشتگوێ بخرێن. بۆیە ئەکرێت ئەوەش بوترێت کە، ئەم دەستەبژێرە «سەردەمێك خەباتیان ئەکرد، پێشمەرگەئاسا بەشداربوون لە هەموو پرسە گرنگ

و گەرمەکان دا و خەڵك و دەسەڵات هەموو گوێگریان بوون و، خاوەن پێگەیەکی بەرزبوون و دەسەڵات لە هەڵوێستەکانیان ئەسڵەمییەوە «(د.ڕێبوار سیوەیلی، چاوپێکەوتن).

بەبڕوای دکتۆر(محمد صابر) کاریگەریی ئەم دەستەبژێرە لەسەر رای گشتیی و دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، «بەپێی قۆناغ و ناوچەکانی ژێر هەژموونی هەریەکە لە دوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان ئەگۆڕێت، بۆ نموونە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی (یەکێتی) و پارێزگای سلێمانی، ئەم رۆڵە بەرچاوە و کاریگەریی زیاترە، هەروەها پەیوەند بەسەردەمیشەوە ئەکرێت ئەو کاریگەرییە بە روونی ببینین کە دوای راپەڕین هەبووە بەراورد بە ئێستا، بە تایبەتی لەسەر پرسەکانی گەندەڵی و پرسەکانی ژنان و پرسەکانی تریش»( د.محمد صابر کریم، چاوپێکەوتن/ئیمەیل، ٢٠٢٣/٤/٢٥). هەروەها لە «کاتی نووسینەوەی (دەستووری عێراق٢٠٠٥) و چەسپاندنی مافە یاساییەکانی پەیوەست بە گەلی کورد و دروستبوونی سیستەمی فیدراڵی ئەم دەستەبژێرە رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە«( د. رەشید عەمار الیاس، چاوپێکەوتن). کەواتە سەرەڕای ئەوەی کە، بە گشتیی لە هەرێمی کوردستان دا ئازادی سنووردارە و رێگری کراوە لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کە بەشداریی کارایان هەبێت لە پرسە گرنگەکان دا، بەڵام لە بەشێکی کوردستان دا ئەم کاریگەرییە بەرچاوترە بەراورد بە ناوچەی ژێر هەژموونی دەسەڵاتی پارتی. سەبارەت بە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ئەو قۆناغەی کە پێی ئەوترێت قۆناغی دوای رووخانی رژێمی (صدام حسین)، «رۆڵی ئەم دەستەبژێرە رۆژ لە دوای رۆژ لە پاشەکشێدایە و، زۆرینە بەشدارنین لە هیچ کایەیەکی گرنگی ئەم هەرێمە دا و لە کاتی دروسبوونی قەیرانەکانیش دا تەنها سەیرکەرن و هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە کە شایانی باسکردن بێت»( د.فاروق رەفیق، چاوپێکەوتن). هەرکاتێکیش بەشداربووبن لە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان دا پێشێلکارییان بەرامبەرکراوە و لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە تووشی سوکایەتی و لێدان ئەشکەنجە بوونەتەوە. بە بڕوای دکتۆر رێبوار سیوەیلی» هەندێکجاریش بەشێکی ئەم دەستەبژێرە رۆڵی خراپیان بینیوە لە بارودۆخە جۆرا و جۆرەکان و کاتی دروستبوونی قەیرانەکان دا، ئەویش بەوەی کە بەشان و باڵی دەسەڵاتداران دا هەڵیانداوە و لە میدیاکان و لاپەڕە و ستوونی رۆژنامەکان دا زیاتر دەسەڵاتدارانیان بە هەڵە دا بردووە، ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەت و رێخۆشکردنی خۆیان بۆ پۆست و پێگە گرنگەکان و بەدەستهێنانی داهاتی ماددیی، جا هەرچەندە ئەم رەوشە لە دوای راپەڕینەوە هەبووە، بەڵام دوای دروستبوونی حکومەتی نوێی عێراق و هاتنی بوودجەی زەبەلاحی پشکی هەرێم ئەم دیاردەیە زیاتر بووە»(د.رێبوار سیوەیلی، چاوپێکەوتن)، کەواتە دەسەڵاتی سیاسیی توانا دارایی و پۆستە کارگێڕییەکانی بەکارهێناوە بۆ خزمەتی خۆی و راکێشانی لایەنگیری بەشێك لەو دەستەبژێرە.

بۆیە پێویستە ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆکارانە بکرێت کە کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی رۆڵی ئەم دەستەبژێرە هەبووە، سەرەتا ئەکرێت بوترێت کە، «دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە بانگەشەی دیموکراسیی ئەکەن بەڵام تاڕادەیەکی زۆر مامەڵەیان ستەمکارانەیە و سەرلەبەریان دوورن لە بنەماکانی دیموکراسی و رای خەڵك و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات و گوێگرتن بۆ رای گشتیی، ئەمە بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان دائەنرێت، بۆیە زۆرجار

دەبینرێت کە دەسەڵات لە جیاتی خەڵك بیرئەکاتەوە و بڕیار ئەدات و خۆی بە خاوەنی هەموو شتێك ئەزانێت»( د.فاروق رەفیق، چاوپێکەوتن)، لەبەرئەوە رێگەنادات را و بۆچوونی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز بخرێتەڕوو لەلایەن هیچ دەستەو گروپێکی تری دەرەوەی دەسەڵات، ئەگەرچی دەستەبژێری رۆشنبیریش بن. لەلایەکی تریشەوە خودی ئەم دەستەبژێرە یان بەشێکیان، «دابەشبوون بەسەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دا، دەسەڵاتی سیاسیش پۆست و پێگە گرنگەکانی بۆ مەبەستی راکێشانی لایەنگرییان بەکارهێناوە، هەروەها ناکۆکیە ئایدۆلۆژی و فیکرییەکان زاڵە بەسەریان دا کە وای کردووە لە بیرکردنەوە لەسەر کۆی پرسەکان کۆك و هاوڕانەبن»( د.محمد صابر کریم، چاوپێکەوتن) ، ئەمەش بە واتای ئەوەی بەرژەوەندنی حیزبی و خودی زاڵە بەسەر بەرژەوەندی گەل و خاك و نیشتیمان دا. هەورەها جگە لەمانەش بە بڕوای دکتۆر فاروق رەفیق»بەشێك لەم دەستەبژێرە ناخوێننەوە و توانای پێشبینیکردن و خوێندنەوەی باردۆخەکانیان نیە، بۆیە نەیان توانیوە ئارگومێنتی گونجاو بخەنەڕوو لە کاتە ناهەموار و قەیراناوییەکان دا»( د.فاروق رەفیق، چاوپێکەوتن) بۆیە نەیانتوانیوە کاریگەریی لەسەر رای گشتیی درووست بکەن، بۆ گۆڕینی دەسەڵات و تێپەڕاندنی ئەم دۆخە نەخوازراوەی کە لە هەرێمی کوردستان دا بوونی هەیە و، هاوڵاتیانیش چاوەڕوانی گەورەیان لێناکەن. بۆیە ئەو دۆخەی کە ئەم دەستەبژێرەی تێدایە وای کردووە کە «ئەوان لە شوێنێك بن و رای گشتیی خەڵکیش لە شوێنك بێت» و نەتوانن هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ درووست بکەن، بەڵکو لە بری ئەوەی «کارتێکەربن خۆیان کاتێکراون»(د. هاوژین عبدالخالق غریب، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، ٦/١٨/ ٢٠٢٣). واتە دەستەبژێری رۆشنبیریی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو باردۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە کە لە کوردستان دا هەیە، لەبری ئەوەی دۆخەکە بگۆڕن، خۆیان گۆڕان بەسەر فکر و بیر و بۆچوونیان دا هاتووە.

بۆیە ئەتوانرێت بوترێت کە دەستەبژێری رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و دابەشبوونی خودی و بەرژەوەندی خۆیان و چەند هۆکارێکی تر کە پێشتر ئاماژەیان بۆکرا نەیانتوانیوە رۆڵ و کاریگەریی خۆیان لە درووستکردنی رای گشتیی بنوێنن و لە بارودۆخە سەخت و قەیراناوییەکان دا رۆڵی خۆیان بەرجەستە بکەن.

## ئەنجامەکان:

### لەکۆتایی توێژینەوەکە دا توێژەر گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

دەستەبژێری رۆشنبیریی یەکێکە لە دەستەبژێرە گرنگ و جێ بایەخەکانی هەموو کۆمەڵگایەك، ئەویش بەهۆی ئەو توانا و لێهاتوویی و ئەو سیفەتە ناوازانەی کە هەیانە ئەتوانن کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و کۆمەڵگا و رای گشتیی درووست بکەن و بەشداری کارایان لە هەموو پرسە گرنگەکان دا هەبێت، بە تایبەتی لە کاتە ناهەموار و قەیراناویەکان دا دەنگی دلێری کۆمەڵگاکەیان بن.

هەروەها بەهۆی واقیع بینی ئەم دەستەبژێرە و توانای خوێندنەوەیان بۆ رووداو و پێشهاتەکان و درککردنیان بە راستیەکان و هەروەها بوون و گرنگیان، زەرورەتێکی حەتمی و بە زیندومانەوەی هەموو کۆمەڵگایەکن، هەروەها هاوکاری کۆمەڵگاکەیانن لە درێژەدان بە ژیانێکی ئاسودە و هاوبەشی خۆشی

و ناخۆشــی کۆمەڵگاکەیانــن.

دەســتەبژێری رۆشــنبیریی لــە هەرێمــی کوردســتان، لــە دوای راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ و لــە ســەرەتای درووســتبوونی قەوارەکــە دا بەشــدارێکی کارایــان هەبــووە لــە پێکهێنانــی حکومــەت و پەرلەمــان دا، چــی وەکــوو بەشــداری راســتەوخۆیان وەکــوو ئەنــدام پەرلەمــان و وەزیــرو پۆســتە کارگێڕییەکانــی تــر، چــی وەکــوو راوێــژکار کــە ســوود لــە توانــا و لێهاتووییەکانیــان وەرگیــراوە.

بەهــۆی ئــەو بــارودۆخ و کێشــمەکێش و گۆڕانکارییانــەی کــە لــە ســی و دوو ســاڵی رابــردوودا لــە هەرێمــی کوردســتان دا رووی داوە، ئــەم دەســتەبژێرە کەوتۆتــە ژێــر کاریگەریــی هەژموونــی حیــزب و دەســەڵاتدارانی هەرێمــی کوردســتانەوە، بۆیــە زۆرینەیــان دابەشــبوون بەســەر حیزبــە سیاســییەکان دا و لایەنگیریــان وای کــردووە کــە نەتوانــن رۆڵ و کاریگەریــی خۆیــان دەربخــەن، واتــە کەوتونەتــە ژێــر کاریگەریــی بارودۆخــی نەخــوازراوی سیاســیی و کۆمەڵایەتیــی هەرێمــی کوردســتانەوە.

## راسپاردەکان:

**دوای دەرەنجامــەکان، لێــرەدا بــە پێویســت ئەزانرێــت بــە چەنــد خاڵێــك راســپاردەکانی ئــەم توێژینەوەیــە بخرێتــەڕوو:**

گەلــی کــورد بەدرێژایــی مێــژوو لــە ژێــر زوڵــم و زۆر و داگیــرکاری دا بــووە و لەلایــەن دوژمنانیــەوە چەوســێنراوەتەوە، بۆیــە ئێســتا کــە خاوەنــی قەوارەیەکــی نیمچــە ســەربەخۆی خۆیەتــی و، پێویســتە وەك بیلبیلــەی چــاو پارێــزگاری لــێ بکرێــت، ئەمــەش ئەرکــی هەمــوو خەڵکــی کوردســتان و خەڵکانــی پســپۆڕ و خــاوەن بەهــرەوە خــاوەن عەقڵــە، بۆیــە بــە بــێ گومــان لــە هەمــوو گەلانــی تــری دنیــا زیاتــر پێویســتی بــە دەســتەبژێری رۆشــنبیرییە بــۆ ئــەوەی چاوســاغ و دەمڕاســتی کۆمەڵگاکەبــن لــە هەمــوو بارودۆخــەکان دا.

پێویســتە دەســتەبژێری رۆشــنبیریی لــە هەرێمــی کوردســتان، خــۆی بــەدوور بگرێــت لــە هەمــوو لایەنگیریــی و پەڕگیرییــەك، بــە تەنهــا موڵکــی خــۆی و گەلەکــەی بێــت، بــۆ ئــەوەی هــەر کاتێــك قەیرانێــك درووســتبوو، دەســەڵاتی سیاســی کەوتــە هەڵەیەکــی سیاســییەوە یــان بارودۆخێکــی نەخوازراویــان درووســتکرد کــە، زیانــی بــۆ ســەر پێگــەو قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان هەبــوو، دەنگــی دلێــر و چــاوی تیــژی کۆمەڵگاکەیانبن، رای گشــتیی درووســت بکــەن لــە بەرامبــەر پــرس و کێشــە هەنووکەییــەکان دا.

## الملخص:

للنخبـة الثقافيـة مركـز مهـم وإهتـمام كبـر في كل المجتمعـات، في المجتمـع المتكامـل والمجتمعـات المتقدمـة عالميـا يقـال لهـم عقـل المجتمـع، لهـذا السـبب فـإن هـذا البحـث يكـون بعنـوان (تأثـير النخبـة الثقافيـة عـلى الـرأي العـام في إقليـم كوردسـتان-العراق)، هـذا البحـث محاولـة لتعريـف النخبـة الثقافيـة بشـكل عـام والنخنبـة الثقافيـة في إقليـم كوردسـتان عـلى وجـه الخصـوص، والباحـث يريـد الإشـارة الى أن المهـام والمسـؤلية الوطنيـة تقـع عـلى عاتـق هـذه النخبـة في المراحـل المختلفـة. لذلـك فـإن الهـدف مـن هـذا البحـث هـو تحديـد دور وتأثـير وإهتـمام هـذه النخبـة عـلى المجتمـع الكـوردي، ويريـد أيضـا تحديـد مسـتوى تأثـير وقـدرة هـذه النخبـة عـلى الـرأي العـام، وفي نفـس

الوقـت حاولـت تحديـد وتوضيـح كل العوائـق التـي أصبحـت عـثرة أمـام هـذه النخبـة وأسـباب تقليـل كفاءتهـم ونشـاطهم في المجتمـع الكـوردي. للجـواب عـلى أسـئلة البحـث، إسـتخدم الباحـث منهـج وصفيـة وتحليليـة، المنهـج الوصفيـة لتعريـف فكـرة اللهجـات المسـتخدمة في البحـث، وكذلـك المنهـج الوصفيـة لتعريـف فكـرة المصطلحـات المسـتخدمة في البحـث، وكذلـك المنهـج التحليليـة، لتحليـل المعلومـات المكتسـبة. مـن الواضـح أن مجتمـع البحـث هـو إقليـم كوردسـتان، الى جانـب المصـادر المكتوبـة والمتوفـرة، إسـتفاد الباحـث مـن المثقفـين وأسـاتذة الجامعـة عـن طريـق الالتقـاء بهـم، وهنـا وصـل لنتيجـة مفادهـا أن النخبـة الثقافيـة في إقليـم كوردسـتان لم تسـتطع أن تكـون بالمسـتوى المطلـوب في الظـروف السـيئة والأزمـات والمشـاكل السياسـية والإجتماعيـة بـأن تأثـر عـلى الـرأي العـام وتثبـت تأثيرهـا، فمـن جهـة يكـون هـذا سـببا ذاتيـا ويعـود الى المثقفـين الكـورد أنفسـهم، ومـن جهـة أخـرى البيئـة السياسـية للإقليـم ليسـت بيئـة مناسـبة.

**الكلمات المفتاحية: النخبة ، النخبة الثقافية، رأي العام، إقليم كوردستان.**

Abstract:

The intellectual elite has an important position and a great interest in all societies, especially in the integrated societies and the developed societies globally, they are told the mind of society, and for this reason, this research is entitled (the influence of the intellectual elite on public opinion in the Kurdistan region- Iraq), this research is an attempt to define the intellectual elite in general and the intellectual elite in Kurdistan region in particular. The researcher wants to point out that the national duty and responsibility falls on these elite at different stage. Therefore, the aim of research is to determine the role, influence and interest of these elite on the Kurdish society, and also wants to determine the level of influence and ability of these elite on public opinion. At the same time, it tried to identify and clarify all the obstacles that have become an obstacle to these elite and the reasons for reducing their efficiency and activity in Kurdish society.

To answer the research questions, the researcher used a descriptive and analytical method, the descriptive method use to introduce the concepts and terms used in the research, as well as the analytical method for analyzing the acquired information. It is clear that the research community is Kurdistan region. In addition to the written and available sources, the researcher benefited from intellectuals and university professors by meeting with them, and here he reached to an conclusion : that the intellectual elite in Kurdistan region was not able to be at all required level in bad conditions, crises, political and social problems by affecting public opinion and proving its impact. On the one hand, this is a subjective reason and belongs to the Kurdish intellectuals themselves, and on the other hand, the political environment of the region is not an appropriate environment.

**Key words: Elite, Intellectual Elite, Public opinion, Kurdistan Region.**

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: فەرهەنگەکان:

زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسیی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، ٢٠٠٦

د.عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، ج٦، المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ بيروت، ط٣، ١٩٩٥

## دووەم: کتێبەکان:

## کتێبە کوردییەکان:

د.عابد خالید رەسول، دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریی و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢

کتێبە عەرەبیەکان:

إبراهيم أبراش، علم الإجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع/عمان-الأردن، ط١، ١٩٩٨

مولود زايد الطيب، علم الأجتماع السياسي، حقوق النشر/جامعة السابع من أبريل، الزاوية-ليبيا، الطبعة الأولى، ٢٠٠٧

د.نظام بركات و الاخرون، مبادئ علم السياسية، مكتبة العبيكات للنشر-الرياض، ط٧، ٢٠٠٨

د. خضرخضر، مفاهيم أساسية علم السياسة، الؤسسة الحديثة للكتاب/لبنان، ط٢، ٢٠٠٨

سێیەم: تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان:

فاروق عبدول مولود عبدالرحمن، النخبة السياسية في المجتمعات التعددية و دورها في السلم الأهلي: العراق بعد ٢٠٠٣ أنموذجا، أطروحة مقدمة/ كلية العلوم السياسية/ جامعة السليمانية، ٢٠٢٠

## چوارەم: توێژینەوەکان:

أمينة علاق, نخبة أم نخب، نشر في مجلة العلوم الأنسانية و الأجتماعية، جامعة قستنطينية٣، الجزائر، العدد/ ٢٨، ٢٠١٧

حيدر علي حسين و دورين بنيامين هرمز، أنواع النخبة في المجتمع الويلايات المتحدة الأمريكية، نشر في مجلة جامعة كربلاء العلمية، المجلد/ ١٣، العدد/٣، جامعة المستنصرية، ٢٠١٥

د.ميثم حسين الشافعي، دور الرأي العام في الرعاية حقوق والحريات العامة، كلية العلوم الإسلامية، جامعة كربلاء، مجلة رسالة الحقوق/ عدد١، سنة١، ٢٠١٦

د.ميثم حسين الشافعي، دور الرأي العام في الرعاية حقوق والحريات العامة، كلية العلوم الإسلامية، جامعة كربلاء، مجلة رسالة الحقوق/ عدد١، سنة١، ٢٠١٦

د.منى يوخنا ياقو، دور الرأي العام في ضمان مبدأ المساواة وعدم التمييز، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية/ جامعة صلاح الدين، مجلد١٠، العدد٣٦، سنة٢٠٢١

محمد إبراهيم عمر و مهدى ملا محمد، الدعية السياسية وأثرها في التشكيل الرأي العام، مجلة جامعة

بابـل/ العلـوم الإنسـانية، المجلـد٢٠، العـدد٣، ٢٠١٢

## چوارەم: چاوپێکەوتنەکان:

د.پشتیوان فەرەج محمد، مامۆستا لە زانکۆی چەرمووو، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، ٢٠٢٣/٥/٢١

د.رەشـید عەمـار الیـاس، مامۆسـتا لـە کۆلێـژی زانسـتە رامیارییـەکان/ زانکـۆی سـلێمانی، چاوپێکەوتن/ئیمەیـل، ٢٠٢٣/٥/٦

د.رێبوار سیوەیلی، نووسەر، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٤

د.فاروق رەفیق، توێژەری بواری فەلسەفە، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٢٥

د.محمد پێنجوێنی، سیاسی و رۆشنبیر، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢٣/٥/٤

د.محمـد صابـر کریـم، مامۆسـتا لـە کۆلێـژی زانسـتە رامیارییـەکان/ زانکـۆی سـلێمانی، چاوپێکەوتن/ئیمەیـل، ٢٠٢٣/٤/٢٥

د.هاوژین عبدالخالق غریب، مامۆستا لە زانکۆی چەرموو، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، ٢٠٢٣/٦/١٨